www.kurdistannet.org

# بەرەو تاریکی

حەمەسەعید حەسەن

مەسعوود محەمەد داوا لە کوردی ئەورووپا دەکات: ‹ڕێز لە خانەخوێیەکانیان بگرن.› وەک هێشتا ئەورووپا لە تاریکستانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بژی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی فیوٚدالی سەروەر بن و ئێمەش هەر یەکی لە دیوەخانی خانەدانێک لامان دابێت.

د. مارف خەزنەدار دەنووسێ: ‹کوردی ئەورووپا، کار ناکەن، لەسەر دەوڵەت دەژین. گوڵان ژ: ٢٨٠ ل٧٤ ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٢٥›

شێرزاد حەسەن دەڵێ: ‹کوردی ئەورووپا لەسەر سەدەقە دەژین. ڕێگای کوردستان ٩٨/٤/٢٢›

زۆربەی هەرە زۆری کوردی ئەورووپا، بە هێزی بیر و بازوو، خۆیان بەخێو دەکەن. باربووی کۆمەڵایەتی، شتێک نییە بۆ کورد داهێنرابێت. دەیان ساڵە هەر ئینسانێک لە ژێر ئاسمانی هەر یەکێک لەم وڵاتە ئەورووپاییانەدا هەناسەی دابێت، بە چاوپۆشین لەوەی خەڵکی وڵاتەکەیە یان نا، ژیانی بۆ دابین کراوە.

یارمەتیی کۆمەڵایەتی وەک د. مارف بۆی چووە، دەوڵەت نایدات. لەم وڵاتانە ئەوە خەڵکە دەوڵەتیش بەخێو دەکات. ئەوە پەرلەمانە کە نوێنەری خەڵکە، مووچەی پاشا، سەرۆکی: کۆمار، حیزب و وەزیران، دیاری دەکات. لێرە ئەوی کار بکات، دەوروبەری سێیەکی داهاتەکەی لە شێوەی باجدا بەو کۆمونەی لێی دەژی، دەدات. ئەو پارەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، خوێندنگە، نەخۆشخانە، خزمەتکردنی منداڵ و پیر و یاریدەدانی ئەو کەسانەی هێشتا دەستیان لە کارێک گیر نەبووە، تەرخان دەکرێت. دەوڵەتیش بەو باجە بەڕێوە دەچێت کە خەڵکی دەیدەن، هەر بۆیەش کەی ئارەزوویان لێ بوو، دەیگۆڕن.

هەر کەسێک پێویستی بە کۆمەکی کۆمەڵایەتی هەبێ، وەریدەگرێ، بەڵام هەر کە کەوتە بازاڕی کارەوە، ئیدی لە داهاتی خۆی، دەیان هێندەی ئەوە دەداتەوە کە وەریگرتووە. بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی پەنابەر نزیکەی ساڵێک یارمەتی وەردەگرن، ئیتر هەر کە ئیشێکیان دەست کەوت، لە ماوەی یەک دوو ساڵی کارکردندا، لەوە زێتر دەدەنەوە، کە وەریانگرتووە.

بریا ئەو هێژایانە لەبری بریندارکردنی هەستی کوردی دوورەوڵات، لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەی لە مێژە لە ئەورووپا هەیە، خەریکی کۆششکردن بۆ دامەزراندنی بناغەی سیستەمێکی خزمەتکردنی کۆمەڵایەتیی لە کوردستان، دەبوون.

‹بەختیار عەلی›ش دەبێژێت: ‹ڕۆشنبیر پیاوێکە کە دەتوانێ درۆ و ئەفسانەکان بشکێنێت. کوردستانی نوێ ٢٠٠٠/٦/١٤›

لە ڕوانگەی ئەم پیاوەوە، تەنیا پیاو دەتوانێت ڕۆشنبیر بێت.

لەبەر تیشکی بۆچوونەکانی ئەو چوار بەڕێزەدا، گەییشتمە ئەو ڕاستییەی کە ڕۆشنبیر: پیاوێکە تفەنگ بە شەوەزەنگەوە بنێت.